

# دۆزەرەوەی کلیلەکان

زۆر کەس جا بەهۆی چوونە سەری تەمەن بێت، یان بەهۆی گیروگرفتی کاری رۆژانە بێت، کلیل و سویچی ئۆتۆمبیلەکەی بزر دەکات و نازانێت لە کوێی داناوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە ئامێری دۆزینەوەی کەلوپەلەکان بەرهەم هات و هەندێکیان لە شێوەی لەزگە و هەندێکی تر لە شێوەی دوگمە و هەندێکی تر لە شێوەی مەدالیا..

ئەم ئامێرەش یەکێکە لەو ئامێرانە کە بۆ دۆزینەوەی کلیلەکان بەرهەم هاتووە و هەر بەپێی کردارەکەش ناوی لێندراوە key finder.

کەی فایندەر پێکهاتووە لە بەرێکەرێك و چوار وەرگر. ئامێرێك کە بەقەد مۆبایلێك دەبێت ئەرکی بەرێکردنی شەپۆلی هەیە و ئەوانەی دیکەش کە وەك مەدالیا دەچن لە کلیل و شتی دیکە دەدرێن وەرگری شەپۆلەکەن. بە داگرتنی دوگمەیەك دەنگێکی لێدێت و گلۆپەکانی تیشك دەدەنەوە.

دوگمەکان بۆیە ئەوەندە گەورەن تاکو بەساڵداچووانیش بە ئاسانی بتوانن بیاندۆزنەوە. مەودای دۆزینەوەی هەتا ٤٠ مەترە..



# ماوسە قەڵەمییەکان

ماوسی کۆمپیوتەر گەر گرنگترین بەشی کۆمپیوتەر نەبێت، بێگومان یەکێکە لە پارچە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەر، بەبێ ماوس بەکارهێنەر وەك دەست و پێی بەسترابێ وایە، چونکە ناتوانێت هیچ کام لەپرۆگرامەکان بکاتەوە، تەنیا کۆمپیوتەر شاشە لەمسییەکان نەبێ دەکرێت بەبێ ماوسیش کاریان لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ کەسێك کاری بەماوس کردبێ، درەنگ لەسەر شاشەی لەمسی رادێ. کارکردی ماوس و ستایلەکانیان جیاوازە.. ماوسی قەڵەمیش (pen mouse) یەکێکە لە جۆرەکانی ماوس کە ئەزموونێکی نوێ لە کۆنترۆڵکردنی کۆمپیوتەر بۆ بەکارهێنەرەکەی دەرەخسێنێ.

ماوسی قەڵەمی pen mouse خاوەنی تەکنەلۆژیای DPI 1200یە. دەکرێت هەتا ٨٥ پلە بە دەوری خۆیدا بیسوڕێنی، بۆیە دەکرێت لە هەموو کاتێك و جێگایەك وردبینانەتر کار بە ماوسەکە بکەی. کاتێك ماوسەکە لە حاڵەتی پشوودایە، هەر دوگمەیەك دابگری دەست بەکار دەکاتەوە، ماوسەکە نەك لەسەر پادی تایبەتی بەخۆی بەڵکو لەسەر هەر شتێك کاری خۆی دەکات.

# جوانی و بەهێزی و تەنکی لە کۆمپیوتەرێکدا

کۆمپیوتـەری جـۆری AIOی کۆمپانیـای MSI لە ریزی کۆمپیوتەرە باشـەکان دێن. لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەری PRO 24X خستە ڕوو، کە هەم سـتایلێکی سـەرنج راکێشـی هەیە و هەم زۆریش تەنکە. بارسـتایی کۆمپیوتەرەکە ٦,٥ ملمە. درایڤی ٢,٥ ئینجی جۆری HDD لەسەرە. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە، شاشـەکەی ٢٣,٨ ئینجـە و کوالیتـی FHDیـە. کۆمپیوتـەرە دیسـکتۆپەکە دوو بڵندگۆی بەهێزی هەیە.



# ڕۆبۆتێکی بچووک بۆ منداڵان

تەکنەلۆژیای دیجیتالی جیهانی منداڵانیشـی گرتۆتەوە، چەند ساڵێکە رۆبۆتی تایبەت بە منداڵان بەرهـەم دێـن، ئـەو رۆبۆتانـە بەجۆرێـك دروسـتکراون کـە منـداڵان بـە ویسـتی خۆیـان دەسـتکاریان بکـەن و بەکارهێنان و کارپێکردنیان ئاسانە.

رۆبۆتـی جـۆری (mimicArm) رۆبۆتێکـی نوێیـە و تایبەتە بە منداڵانی سـەرووی پێنج سـاڵان، تواناکانی جۆراوجۆرن و دەکرێت پرۆگرامی تایبەتیان بۆ دابندرێ.

بۆ سوود وەرگرتن لەو رۆبۆتە دەکرێت لە پرۆگرامێکی تایبـەت کـە لـە ئینتەرنێـت دەتوانـی دایبەزینی سـوود وەربگـری. منداڵەکـە بە دانانی بلوکەکان لەسـەریەك و دەتوانی فەرمانی تایبەتیان بۆ دابنێ، دەکرێت بەشێوەی دەسـتیش بەرنامەی بۆ دابندرێ، بۆ نموونە هەڵگرتنی گلاسـێك، یـان کێشـانەوەی بازنەیـەك. رۆبۆتـی ناوبراو ئـەوەی فێـری بـووە بە شـێوەی ئۆتۆماتیکـی دووپاتی دەکاتەوە.



# بەهێزترین لاپتۆپی گەیمینگ

کۆمپانیای acer لەم ماوەیەدا نوێترین لاپتۆپی گەیمینگی خۆی خستە بازار، لاپتۆپێك لە ریزی بەهێزترین کۆمپیوتەرە دیسکتۆپەکان دێت. لاپتۆپەکە بە Helios ٥٠٠ ناسراوە و تایبەتە بە یاری ئەلکترۆنی و پرۆگرامە قورسەکان. لاپتۆپەکە شاشەکەی ١٧,٣ ئینجە. بەکارهێنەر دەتوانێ سەرپشك بێت کە شاشەیەکی فول ئێچ دی و **k4** یەکێکیان هەڵبژێرێ. لاپتۆپەکە لە نەوەی هەشتەمی ئەنتەلی لەسەرە. کارتی گرافیکی زۆر بەهێزی هەیە و ٨ گیگابایتە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و دەکرێ زیاتریش بێت. هاردەکەی دوو ترابایتە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لە کۆمپیوتەرەکەمدا گەلێك فایلی زیادی هەن، جار هەیە چەند فایلێکی دووبارە و چەند بارەی تێدایە وەك چەند وێنەیەك لە یەك وێنە، یان چەند فایلێك وەك یەك بۆ سڕینەوەی ئەوانە چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز راستە جار هەیە لە کۆمپیوتەرەکەتدا چەندین فایلی دووبارەی تێدایە، ئەگەر بە وردی و بەبێ پرۆگرام ئەوکارە بکەی کاتێکی زۆری دەوێت ئەویش بێ هەڵە نابێ، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پرۆگرامی CCleaner دابەزێنی تاکو ئەو فایلانەی وەك یەك دەچن بیان سڕێتەوە.. هەرچەندە جگە لەو پرۆگرامە، پرۆگرامێکی دیکەش کە تواناکانی زیاترن ئەویش پرۆگرامی SearchMyFilesە، بەم پرۆگرامە دەکرێت چ فایلێکت مەبەستە واتە وێنە بێت، دەق بێت، فیلم بێت، ئەوت بۆ دەسڕێتەوە..

## پرۆگرامی دروستکردنی خولی فێرکاری

پرۆگرامی iSpring Suite کۆمەڵە پرۆگرامێکی پێویستە بۆ دیزاین و دروستکردنی فیلم و ئامرازی فێرکاری کە بەو هەموو توانا زۆرەوەی یارمەتیدەرە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی کوالیتی بەرز بۆ راهێنان و فێرکاری لە هەموو بوارێکدا.

پرۆگرامەکە پێکهاتووە لە سێ ئامراز و هەر سێ ئامرازەکە پێکەوە کاردەکەن و هەرکام لەوانە تواناى جۆراوجۆریان هەیە و هەر هەموویان لەگەڵ پرۆگرامی powerpoint دەگونجێن.

بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای دروستکردنی ئەزموونی ئەلکترۆنی بە تواناگەلی تایبەت.
- گونجان لەگەڵ گشت مۆبایل و تەبلێتێك.
- هاوئاهەنگی لەگەڵ پاوەرپۆینت.
- دروستکردنی کتێبی ئەلکترۆنی بۆ تەبلێت و مۆبایل.





## مۆبایلێکی سادە تەنیـــــــــا

کۆمەڵگا بە گشتی گلەیی لە بەکارهێنەرانی مۆبایلە، دەروونناسان و توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی زەنگی مەترسی لێدەدەن کە مۆبایل هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرەو ساردوسڕی بردووە، چونکە هەموو کەس بە منداڵ و پیرەوە بگرە سەری خۆی بەرداوەتەوە و خەریکی مۆبایلەکەیەتی، جا گەمە بێت یان چاتکردن و سەردانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت.. لە کاتێکی وادا مۆبایلی جۆری Blloc کە مۆبایلێکی سادەیە و تەنیا بۆ پەیوەندییەکان دەبێت رێکارێکی گونجاوە، هەم کاتت بە فیڕۆ نادات و هەم ئالوودەی



## لەم ماڵپەڕەدا روتوشی وێنە بکە

رۆتـۆش كـردن دەسـتەواژەیەكە تایبەتە بە وێنە، بە كرداری ساف و لوسـكردنی وێـنـە دەگوترێت روتـوش، پرۆگرامـی تایبـەت هـەن كـە ئەركیان رۆتـوش كردنە. بـە رۆتـوش كردن دەكرێت پەڵە و زیبكـەی سـەر روخسـار لابـەری و ئەگـەر چـاو سـوور دەركـەوت لـە وێنـەدا باشی بكەیـەوە. لـە ئینتەرنێتیشـدا بەشـێوەی ئۆنلاین دەكرێت وێنەكانتان رۆتۆش بكەن سـایتی تایبـەت بـەو مەبەسـتە هەیە، یەكێك لەم سـایتانە سایتی .pinkmirror.com سـەرەتا وێنەكـە ئەپەلـۆد دەكـەی، دواتـر چوارچێـوەی روخسـار دیـاری دەكـەی، دوای ئـەوە رەگـەزی وێنەكـە هەڵدەبژێری و دواتر بـە ئاسانی رۆتۆشی بكەی..

## كاتژمێرێكی هۆشمەند ستایلێكی كلاسیك



لەنێـو جیهانـی كاتژمێـری هۆشـمەندا بەكارهێنـەر نازانـێ كامەیـان هەڵبژێـرێ، چونكـە هـەم سـتایل و هـەم كردارەكانیـان جیـاوازە، ئەگـەر حـەز دەكـەی كاتژمێرێكـی هۆشـمەند بەكار بێنی بەڵام هەمان ستایلی كاتژمیری كلاسیكی هەبێت، ئەمە كاتژمێری سمارتی جۆری W968 Quad-band هەڵبژێرە.
كاتژمێری ناوبراو خاوەنی شاشەیەكی لەمسی ١,٥ ئینجییە. كارتی میمۆری دەخوێنێتەوە. كامێراكەی ٢ میگاپیكسـلە، بۆ فیلـم هەڵگرتنەوە دەگونجێت و بە فۆرماتی AVI فیلم تۆمار دەكات، رادیـۆی هەیـە، سـیم كارت راسـتەوخۆ دەخوێنێتەوە. ڤیدیـۆ پلەیـەری هەیە بۆ پەخشـكردنی فیلمـەكان، زمانی رێكخستنەوەی بە زۆربەی زمانەكانی جیهانە.. زۆربەی فۆرماتـە دەنگـی و رەنگییـەكان دەخوێنێتـەوە، هەتـا هەفتەیەك شەحنی دانابەزێت.

## میمۆری كارتی ٥١٢ گیگابایتیش بەرهەم هات

ئەگـەر بـۆ دە سـاڵ لەمەوبەر بگەڕێنـەوە، میمۆری كارتی ٣٢ گیگابایتی و ئەوپەڕی ٦٤ گیگابایتی لە لوتكـە دابـوون، بەڵام ئێسـتا میمـۆری كارتی ٥١٢ش كەوتـە بـازاڕ. ئەم كارتی میمۆرییە لەلایەن كۆمپانیای PNYیەوە بەرهەم هاتووە.
بەهـۆی چوونە سـەری كوالیتی وێنـە و ڤیدیۆیەكان پێویسـتە كارتـی میمـۆری لـەو ژمارەیـەش زیاتر بێت، چونكە فیلمی كوالیتی K4 لەوە بەرزتریشی دەوێت.
كارتـی میمۆرییەكـە بـۆ مۆبایلـە سـمارتەكانی سیستەمی ئەندرۆیدی گونجاوە و چونكە دەتوانێت زیاتر لە ٨٠ كاتژمێر ڤیدیۆی full HD یان سـەد هەزار وێنە بـە كوالیتی بەرز لەخۆیدا رابگرێ، خێرایی راگواسـتن لەو میمۆری كارتەدا ٩٠ میگابایت لە چركەیەكدایە.






## ـــــا بۆ پەیوەندییەكان

مۆبایل نابی و هەم وزەی مۆبایلەكە دانابەزێت..
مۆبایلی ناوبراو رەش و سپییە و رەنگی نییە، پرۆگرامێكی ئەوتۆ یان گەمەیەكی لەسەر نییە كە بەخۆتەوە خەریك بكات، سیستەمەكەشی تایبەتە بەخۆی. مۆبایلەكە خۆی باترییەكی بەهێزی لەسەرە كە بە مانگیش شەحنی دانابەزێت، رامەكەی ٤ گیگابایتە. میمۆری ناوخۆی ٦٤ گیگابایتە، دەكرێت میمۆری كارتیشی تێبخرێت.
دیارە كامێرای مۆبایلەكە ١٣ میگاپیكسلە، بەڵام وێنەكان بە رەش و سپی دەگیردرێن.